# ئیسلامیە عەلمانی و دیموکراتخوازەکان

ئیسماعیل حەمەئەمین



ئیسلامیەکانی تورکیا چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکانی مانگی (07.2007) لەسەر زاری (ئاردۆگان) بانگەشەی ئەوەیان کرد، زۆرایەتیەکی ئاوەها لەپەرلەمان وحکومەتدا بەدەست دەهێنن، کەدەتوانن بەتەنێ حوکم بکەن. دیارە هەر ئەمەش ڕوویدا، بەڵام گرنگترین بەشی ئەم چیرۆکی هەڵبژاردنە لەوەدابوو، چەند کاتژمێرێک دوای سەرکەوتنیان، (ڕەجەب تەیب ئاردۆگان) بەدەنگی بەرز جەختی لەدووخاڵی گرنگ کرد: یەکەمیان ئەوان وەک حزبێکی ئیسلامی ڕێز لەوانە دەگرن کەدەنگیان بۆ نەداون و دەنگنەدانی ئەوان پەیامێکە، ئیسلامیەکان گوێی لێدەگرن و بەهەندی وەردەگرن. دووهەمیان ڕێزگرتن بوو لەبنەماکانی عەلمانیەت و دەوڵەتی سیکولار و کارکردنە لەو چوارچێوەیەدا. لەگەڵ ئەمانەدا پرسی کورد و بەشداریکردنی کوردیش لەم پرۆسە دیموکراتیەدا، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بوو، نەک هەر لەڕووی نەتەوەیەوە، بەڵکو لەمەڕ سەرجەم پرسی دیموکراتی لەتورکیا و ناوچەکە.
لەهەمووشیان گرنگتر کەبابەتی ئەم گوتارەیە، سەرهەڵدانی نموزەجێکی تازەی ئیسلامیی سیاسیە کەلەڕووی کارکردن وپێکهاتەی خۆیدا، دابڕانێکی ڕادیکاڵە لەبزوتنەوە ئیسلامیە تەقلیدیەکانی نێوگۆڕەپاکە، هەروەها لەڕووی تیۆریەوە، چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی سیاسی بەرچاوی نوێی لێدەکرێت. ئەم مۆدێلە بەڕای من خاڵێکی وەرچەرخانی فیکری و سیاسیە، دیموکراتیەت لەباوەشی عەلمانیەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ باوەشی ئیسلامیە دیموکراتخوازەکان، ئەم مۆدێلە بابەتێکە پێویستی بەگفتوگۆیەکی کراوەی هەمەلایەن هەیە.
یەکێک لەکێشە هەرە ترسناکەکانی ئەم سەدەیە بۆ گەیشتنی ئیسلامیەکان بە دەسەڵات، سەرکەوتنیان بوو بەسەر پەیژەکانی دیموکراتیدا، چونکە هەمیشە سەرکەوتنی ئەوان لەڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتیەوە، ئەوترسەی دێرنەی سیکۆلاریستە دیموکراتخوازەکانی زیندووکردۆتەوە، بەوەی ئەمە لەناوبردنێکی دیموکراتیانەی دیموکراتیەت دەگەیەنێت. دیارە ئەزمونی بەرەی ئینقاز لەجەزائیر، ئەو گوتەزایەی ئیسلامیەکانی زەقکردەوە کەئەوان لەڕێگەی دیموکراتیەوە دیموکراتیەت هەڵدەوەشێنەوە. هەروەها کاتی خۆی کەخومەینی هاتەسەرحوکم لەبەرەیەکی ئیتلافیدا بوو لەگەڵ کۆمەنیستی تودە و هێزەکانی ئەوسای دژ بەشای ئێران، بەڵام ئەمە لەسەرخۆ بوو بەحوکێکی تیۆکرات وداسەپاندنی نموزەجی شورای ئیسلامی لەجیاتی دیموکراتیەت. ئیدی لەو ڕۆژە بەدوا هەمیشە دۆزی دیموکراتیەت پابەند بووە بە ترسێک لە دیموکراتیەت، مادامەکی دیموکراتیەت دەبێتە چەقۆیەک بۆ سەربڕینی دیموکراتیەت خۆی. ئەمە ئەوترسە بووە، کەعەلمانی و دیموکراتخوازەکانی کردووە بەنادیموکرات ودیسپۆت وعەسکەتارخواز. لەو ڕۆژەوە هەموو دیموکراتخوازێک لەکاتی سەرکەوتنی هێزێکی ئیسلامیدا، گەر بەئاشکراش ئەوە نەڵێت، ئەوا بەبێدەنگی لەمەڕ بانگەشەی میلیتاریستاکان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئیسلامیەکان، ئەو ترس و بەڵی بۆکردنەی تەعبیری لەخۆی کردووە. ئیدی لەو ڕۆژەوە عەسکەرکان بۆ پاراستنی عەلمانیەت لەتورکیا وجەزائیر و پاکتێکی هاوبەش بوون. لەجەزائیر ئیسلامیەکانیان فڕێدایە بەندیخانەو لەتورکیاشدا (نەجمەدین ئەربەکانی) ئیسلامیان لەسەر پۆستەکەی خۆی لابرد. ئەم ئەکسیۆنە عەسکارتایەت و مومارەسەی دیسپۆتیە تەواوی دەم و چاوی عەلمانیەتی لە دۆزێکی پێکەوە ژیان ولێبوردنەوە گۆڕی بۆ چەند یاساو ڕێسایەک کەدەبێت لەڕێگەی هێزی دەوڵەتیەوە داسەپاو بێت.
لەبەرامبەر ئەمانەشدا ئیسلامیەکان دابەش بوون بەدوو ڕێڕەوی بیرکردنەوەی سیاسی، ڕێڕەوێکیان ئەو

ئیسلامەویە ئۆرتۆدکس و حەنبەلیانەن  کەلەبنەڕەتەوە بڕوایان بەلەوحی پارێزراوی سونە وقورئان هەیە وەک خۆی و بێڕەچاوکردنی گۆڕرانکاریەکانی زەمەن و دنیا، ئەمانە نەبڕوایان بەدیموکراتی و نەبەدەوڵەتێکی عەلمانی هەبووە و دیموکراتیان بەدەستکردی زایۆنزم و لەشکری کوفر زانیوە، ئیلهامی خۆیان لەسەر جیهاد و هەڵکێشانی شمشێری ئیسلام بووە بۆ گەڕاندنەوەی ئومەتی لادەری ئیسلام بۆ حوکمی شورا. دووهەم ڕێڕەو لەو بڕوایەدایە کەحزبە ئیسلامیەکان دەتوانن بەشداربن لەدەوڵەتدا ودەنگیان هەبێت، مادامەکی دەوڵەتی عەلمانی و سێکولار دیموکراتیەتی ڕادەربڕینیان بۆ زامن دەکات. ئەم بیروڕایەی دوایی جیهاد لەو پێوانەکاریە توندوتیژی و حوکمی شمشێرەوە دەگوازێتەوە بۆ شەڕی سیاسەت و فیکر و پرسەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. ئەم ڕێرەوی دووهەمە بەڕای من زۆر ئازایانە و تیژبڕە، لەبەر ئەوەی دەبێت لەلایەکەوە لەگەڵ  ڕێرەوی یەکەمدا کەجیهادیەکی توندڕەوە، بەشەڕ بێت و لەسەرێکی دیکەوە قەناعەت بێنن بە کۆمەڵگەی مەدەنی، کەئەوان لەسەر  ڕێسای یاریی دیموکراتیەت یاری دەکەن. ئەم دوو ئەرکە بەشێکی زۆری حزبە ئیسلامیەکانی دنیا پێیهەستاوە و تاوەکو ئێستا لەهەوڵدانی ئەوەدان نموزەجێکی ئیسلامیانە پێشکەشی دنیای تازە بکەن، کەئیدی زامنی ئەوە بکات حزبە ئیسلامیەکان لەداهاتوودا بێترس و گومان، چ لەلایەن عەلمانیەکانەوە، چ لەلایەن ئیسلامیە دوودڵەکانەوە، بەشداری کۆمەڵگەی مەدەنی سیکۆلار بکەن.

دیارە ئێمە لەبەردەم چەند ئەزمونێکی دیکەداین جگەلەئەزمونی بەرەی ئینقازی جەزائیری و حزبی رەفاهی تورکی بەسەرۆکایەتی نەجمەدین ئاربەکان، ئەوانە ئەو حزبە ئیسلامیە میانڕەوانەن کەهێشتا بەردەوامن لەبەشداریکردنی پڕۆسەی دیموکراتی، بەڵام هەڵگری دووکێشەی سیاسی وفیکرین، بەوەی دەبێت بەردەوام لەسەرئاستی ناوخۆ جڵەوی حزبی ئیسلامی بگیرێت بۆ ئەوەی ڕێرەوی جیهادی نەگرێتەبەر و دووهەمیشیان لەسەر ئاستی پەستاوتەکانی دەرەوەی حزبە عەلمانیە عەسکارتاریەکان کاربکەن بۆ زیاتر فراونکردنی بەشداریان لەپڕۆسەی دیموکراتیدا. ئەم نموزەجی حزبە ئیسلامیە کەزۆرجار بەمیانڕەو ناودەبرێن، شەڕێکی تایبەت دەکەن، کەدەبێت بەئینسافەوە بڵێین : جێگەی ڕێز و پشتگیریە!.

لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی  2006 لە فەلەستیندا حەماس بردیەوە، بردنەوەیکی دیموکراتیانە کەسەرجەم دەنگدەرانی فەلەستینی لەدژی گەندەڵی و هەڵەکاریەکانی بزوتنەوەی فەتح، حکومەتێکی تازەیان هەڵبژارد. حەماس بەچەندەها جەولەی هەڵبژاردن و شەڕی مەشروعی قسەکردن لەسەر بارودۆخی خەڵکی و کۆمەڵگە بردیەوە، بەمانای یاساو ڕێساکانی حەماس دیموکراتی بوون. بەڵام زۆری نەخایاند هەموو دنیا و ڕۆژئاوا حەماسی کردە دوژمنی خۆی و خەڵکیان برسی کرد، موچەی خەڵکیان بڕی و کێشەیان بۆ حەماس دروست کرد بۆئەوەی نەتوانێت تەنانەت یەک ڕۆژ چیە، وەک حکومەتێکی ڕەسمی کاری خۆی بکات. کار گەیشتە ئەمڕۆ کەئیدی توندوتیژی و وەلانانی ئیسلامیەکان جارێکی تر  خۆی دووبارەبکاتەوە.

ئەم قسانەم بەرگری نیە لە ئیسلامیەت کەخۆم وەک نوسەرێک لەگەڵیدا نیم، بەڵام بەرگریکردنە لەمافی مومارەسەکردنی حکومەت بۆ هەر گروپێک مادامەکی دەیانەوێت لەسەر بنەماکانی دیموکراتیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرنامەی خۆیان پێشکەش بکەن. ئەم ترسە لەو مۆدێلە ئەمریکانزمەی عەلمانیەتەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کەهەموو ماناکانی دیموکراتیەت لەدەستی دەستەیەک بیرۆکرات و ئەوتۆکرات و گەندەڵی حکومیدا دەهێڵێتەوە و هەموو بزوتنەوەیەکی چەپ و ئیسلامی وگروپێکی دیکەی نەیار بەخۆی بێبەش دەکات، گەر هاتوو ئەو گروپانەش لەچوارچێوەی دەوڵەتی دەستوری ودیموکراتیدابەشداربن لەپرسی سیاسیدا. لێرەوە کێشەکە لەو ئیسلامیانەدا نیە کەدەیانەوێت سیاسەتی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا بگونجێنن، بەڵکو کێشەکە لەو سێکولاریەتە لنگەوقوچەیە کەماناکانی دیموکراتیەت وەردەگێڕێتە سەر دۆزێکی دیسپۆت و بیرۆکرات و دیکاتۆریەتی کۆمەڵێک بیروکراتی جیهانی.

ئەم جۆرە دژایەتیکردنانەی ئیسلامیەکان هەمیشە بۆتە هۆی ئەوەی باڵی میانڕەوی ئیسلامی لەشەڕی فیکری وسیاسی نێوخۆی گروپەکەیاندا هێزی بڕواهێنان بدۆڕێنن، مادامەکی دیموکراتیەت تاقیکرایەوە و پابەندبوون

بەدیموکراتیەتەوە هیچ دەرئەنجامێکی پۆزەتیفی نەبوو، ئیدی هیچ ڕێگەیەکنیە جگە لەگەڕانەوە بۆ ئۆرتۆدۆکسیەتی ئیسلامەوی. بەم شێوەیە ئەوە ئێمەی عەلمانین کەبەرهەمهێنی ئیسلامەویەتی توندڕەوین، نەک حزبە ئیسلامیەکان! حەماس وەکو گووتم سەرەڕای هەموو کێشەبەندیەکانی، فرسەتی یەک ڕۆژی نەدرایە بەسروشتی وەک فەتح حکوم بکات، ئیدی گەر هاتوو لەداهاتوودا هەموو حەماس بێنە سەر ڕێگەکەی (ئەیمەن زەواهری)، ئەوا ئەوە هەڵەی حەماس نیە، بەقەد ئەوەی هەڵەی دنیای مۆدێرن و سێکۆلارە.

ئەم نەخشەیەی بەردەمان کەگفتوگۆمان لەسەرکرد، نەخشەیەکی سیاسی و فیکری ئاڵۆزە و گەر هاتوو هێزەعەلمانی ودیموکراتخوازەکان نەزانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەوا هەڵگری تۆوی زۆرانبازیەکی خوێناویە، کەهەموو ناوچەکە دەخاتە ژێر باری ناهەمواریەوە. هەڵەکردنی عەلمانیەکان لەمامەڵەکردنیانە لەگەڵ حزبە ئیسلامیە دیموکراتخوازەکان، ئەو هەڵانەی ڕۆژانە دەیبینین، دەبێتە هۆی فراوانکردنی سنوری حزبەئیسلامیە توندڕەوەکان و زەمینەیەکی لەبارە بۆ گوتاری جیهادی ئیسلامەوی.

پێویستە پارتە عەلمانیە دەسەڵاتدارەکان لەوە تێبگەن کەدیموکراتیەت مۆنۆپۆڵی یەک گروپەی ئایدۆلۆژی و فیکری و دەستەیەکی تایبەت نیە، دیموکراتیەت بەش ناکرێت، بەڵکو نێوەندێکی بەشداریکردنی هەموو مرۆڤەکاندا لەنەخشەی  ژیانی هاوبەشدا. دیموکراتیەت پاراستنی تاکڕەوی و بیروڕاو ئاینەکانە، مادامەکی ئەم بیروڕایانە بەمیتۆدێکی ئاشتیخوازانە، پابەندن بە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەگرنترینیان پاراستنی ئازادیاکانە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی یاسایی و دەستوریدا. لەوانەیە هەر یەکێک ئەم دێڕانە بخوێنیتەوە ئەو وشانە بەقسەی بریقەدارو بەتیۆرەی نێو کتێبە فیکری وفەلسەفیەکان تێبگات. بەڵام باسەیرێکی ئەوروپاو ئەمریکا بکەین بزانین کەحزبە مەسیحیەکان وەک حزبی کریست دیموکراتی ئەڵمانیا CDU  کەئێستا حوکمدەکات، یاخود حزبێکی کریست سۆسیالستی ئەڵمانی ناوچەی بایەر CSU، تەنانەت نیو کۆنزەڤاتیفی ئەمریکی و چەندەها حزبی دیکە کەسەرانسەری ڕۆژئاوایان پڕکردوەو، لەیاری دیموکراتیەتدا بەشدارن. لێرەوە ئێمە لەبەردەم نموزەجی ئەو حزبە سیاسیانەین کەدەتوانین بڵێین هەڵگری پەیامێکی ئاینین بەڵام لەفۆرمی مۆراڵێکی کارکردنی سیاسی و لەچوارچێوەی دەستوری دەوڵەتی دیموکراتدا هەڵدەسوڕێن. حزبە کریستەکانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەگشتی پابەندن بەبنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سێکولارەوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سێکۆلاریەت هەرگیز ڕێگر نەبووە، لەوەی کەئەم پارتە سیاسیانە بەرنامەی خۆی پراکتیزەبکەن مادامەکی هاوکۆیی جڤاتی لەسەر بووە. ،لەنەمسا حزبێکی شێوە ڕاسیست و توندڕەو هاتەسەر حوکم ولە هۆڵاندیش ئەوانە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، تەنانەت لەرۆژهەڵاتی ئەڵمانیاش هەندێکیان لەتەحالوف و حکومەتەلۆکاڵیەکاندان. نەکەس لەم وڵاتانەدا بەزۆرکرا بەنازی و نەکەسیش لەسەر ئیسلامبوونی دەرکرا. ئەوەندەی مزگەوت و دراساتی ئیسلامی سەربەستیان هەیە لە ڕۆژئاوا، ئەوەندە لەوڵاتانی ئیسلامیدا بەهۆی هەر هۆیەکی مەزهەبی یان سیاسیەوە بێت، سەربەستیان نیە. کەواتە کێشەکە لەوەدا نیە کەحزبێکی ئیسلامی زۆرایەتی پەلەرمانی بەدەست بهێنیت، بەڵکو کێشەکە لەخودی دامەزراوە دیموکراتیەکانی دەوڵەتی سێکۆلارە کەبتوانێت زەمانەتی دیموکراسیەت و عەلمانیەت بکات بۆکۆمەڵگە، بەمانایەکی دیکە زەمانەتی سیکۆلاریزەکردنی ئاین بکات لەچوارچێوەی دەوڵەتی یاسا و دەستوردا.

بۆ ئەوەی چەمکی عەلمانیەت ئەو دووریە جەبریە وەرنەگرێت، بەپیویستی دەزانم پێناسەیەکی یورگن هابرماز بەکاربهێنم کەپێیوایە: وشەی سیکولاریزەکردن مانایەکی یاسایی هەیە، ئەویش بەموڵکایەتیکردن و خۆماڵیکردنی سامان و دەسەڵاتی کڵێسایە لەلایەن دەسەڵاتی  دەوڵەتەوە.

**هابرماز** : زانین و باوەڕ.. سوکامپی ئەڵمانی 2001

Jürgen Habermas ،Glauben und Wissen ،Suhrkamp ،S12

ئەم خۆماڵیکردنەی کەزەمانەتی جیاکردنەوەی دەوڵەت لەئاین دەکات، مانای ئەوە ناگەیەنێت ئاین دەسەڵاتە ڕۆحیەکانی خۆی لەدەستدەدات، بەڵکو  دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی پڕۆفانی (دنیایی) دەبەخشێتەوە بە دنیا، هەموو جوڵاوێکی دنیای ماتریاڵی  لەدەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئاینیەوە، دەگوازێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەقڵانیەتێکی پراکتیکی،

کەبەپێی زەمەن و تواناو پێگەیشتنی کۆمەڵگەکان و لەچوارچێوەیەکی پرۆسەی دیموکراسیدا، فۆرمی ژیانی هاوبەش وەردەگرێت.

دیارە من باسم لەوهەموو کەلێنە نیە کەئەقلانیەت وڕاتسیۆنالیزەکردنی کۆمەڵگەکان، جۆرێکی دیکەی جەبری کۆمەلایەتی وکولتوریان لەگەڵ خۆدا هێناوەتە کایەوە. بەداخەوە لەجیهانی ئەمڕۆدا کەلێنەکانی عەلمانیەت بۆتە هۆی زیندووکردنەوەی هەموو ڕاستڕەو و نیو کۆنزەفاتیڤ و فوندەمێنێکی جەبری پۆست کاپیتالیستی ڕۆژئاوایی، کەلەشێوەی گوتارێکی میلیتاریستی ئەمریکانزمدا خۆی بەرجەستە دەکات، لەسەروو هەموو نۆرم بەهاکانەوە بەناوی عەلمانیەت و دیموکراتیەوە سنورەکانی (دووبارە کۆلۆنیالی) خۆی فروانتر دەکات. لەهەمانکاتیشدا ئەم هێزە ڕۆژئاواییە ڕاتسیونالە(ئەقلانیە) تیژڕەو توندڕەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کەلێنێک دروستبکات بۆ تیژکردنەوەی بەرەی جیهادی، هەر وەک ئەوەی ئەم دووانە پاکتێکی نهێنی لەنێوانیاندا بێت، ئاوا تەریب بەیەک شەڕی یەکدی دەکەن و ئەم ئەوی دیکە دەگەشێنێتەوە. نمونەی گوتارەکەی (بن لادن) لەجەزیرەوە باشترین نمونەیە، ئەم گوتارە هەفتەیەک پێش هەڵبژاردنەکان بەقازانجی جۆرج بۆش و نیوکۆنزەرڤاتیڤەکاندا شکایەوە. بەهەمان شێوەش هەموو جەختکردنێک لە شەڕی دژە تیرۆر و وەلانانی گفتوگۆ لەلایەن ڕۆژئاواوە، مادەیەکی خاوی ئاگری جیهادیەکانی دنیای کولتوری ئیسلامەویە. بەم شێوەیە ئێمە لەبەردەم عەلمانیەکی هیلاک و پڕقەیراندابن، لەهەمانکاتیشدا لەبەردەم کۆمەڵێک بزوتنەوەی ئیسلامیدابن، کەدەیانەوێت لەنێو ئەم هەموو قەیران و ئاڵۆزیەدا، بەرەچاوکردنی یاساکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستوری عەلمانی، بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن.

لێرەوە سەرکەوتنی حزبی عەدالەتی تورکی لەهەڵبژاردنەکانداو پابەندبوونی بەیاساکانی دەوڵەتی عەلمانی و خەمی ئەو بۆچوونە نێو یەکێتی ئەوروپا، ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە نموزەجێکی نوێ بۆ حزبە ئیسلامیەکانی ناوچەکە. بۆئەوەی لەسەرێکەوە ئەوترسەی لەیادەوەری سێکولاریستەکاندا بەرامبەر ئیسلامیەکان هەیە بڕەوێتەوەو وەریگێڕنە سەر زمانی کاری هاوبەش، ولەسەرێکی ترەوە بەدگومانی ئیسلامیەکانیش بەرامبەر دەوڵەت و دەستوری عەلمانی هێوربکاتەوە، مادامەکی عەلمانیەت لەبنەڕەتەوە مانای پێکەوە ژیانی هەموو ئاین و گروپەکانە لەژێر سایەی دەستورێکی دیموکراتدا...

نورنبێرگ 28.07.07

- ئەم گوتارە لەهاولاتی مانگی ئاوگوستدا بلاوبۆتەوە.